جامی عەرەب .. عێراق بە دوو گۆڵی بێ بەرامبەر بە جەزائیر دەدۆڕێت

لە میان کۆتا یارییەکانی کۆمەڵەی چوارەم لە پاڵەوانێتی جامی عەرەب 2025 کە لە قەتەر بەڕێوەدەچێت ئەمڕۆ سێشەممە، هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراق ، بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە بەرامبەر هەڵبژاردەی جەزائیر دۆڕا.

هەردوو گۆڵی یارییەکە لە ڕێگەی یاریزان ئەمین تۆگای تۆمارکران، کە گۆڵی یەکەمی لە کاتی زیادکراوی گێمی یەکەمدا کرد، لە کاتێکدا گۆڵی دووەم بە هەڵە لە ڕێگەی یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتمانی سەعد ناتق چووە ناو گۆڵی تیپەکەی خۆیەوە.

بەو ئەنجامە، هەڵبژاردەی عێراق ، کە پێشتر گەیشتنی بە قۆناغی دواتر مسۆگەر کردبوو، قۆناغی کۆمەڵەکانی بە شەش خاڵ وەک پلەی دووەم کۆتایی پێهێنا، لە دوای هەڵبژاردەی جەزائیری پێشەنگ کە حەوت خاڵی هەیە. بەمەش لیستی تیپە سەرکەوتووەکانی کۆمەڵەی چوارەم بۆ قۆناغی چارەکی کۆتایی تەواو بوو.